# مەرگی دوکتۆر خەسرەو شاڵی



## ساڵح محەممەدئەمین

بۆ یەکەمجار لە نزیەکەوە خوالێخۆشبوو کاک "خەسرەو شاڵی"م لە هۆڵندا ناسی. کاتێک لە فرۆکەخانەی "سخیپوڵ"ەوە ڕەوانەی کەمپی شاری "هاڕلم" کرام، یەک دوو ڕۆژ دوای گەیشتنم، بانگیان کردمە سەر تەلەفۆنە گشتییەکەی کەمپ، دەنگەکەی ئەو سەر یەکسەر وتی: "من خەسرەو شاڵیم و بەخێرهاتنت دەکەم..." ڕێککەوتین کە بۆ ڕۆژی دواتر و نزیک نیوەڕۆ لە وێستگەی شەمەندەفەری ئەو شارە یەکتر ببینین...

ئەو کاتە من لە بارێکی دەروونی زۆر خراپدا بووم، بەو چەند وشە گەرم و گورەی بۆ یەکەم جار لە دەنگێکی گڕەوە بەگوێمدا درا، وەک ڕووەکێکی تینووی بەر نەرمە بارانێکی دەرنگوەختی وشکە بەهارێک، گەشامەوە.. ئەو شەوە تابەیانی بیرم لەو پیاوە پڕە تێکسمڕاوە دەموچاوپانە باڵا بەرزە ڕەش سمێڵە دەکردەوە، کە بەر لە ٣٥ ساڵ زیاتر لە یانەی کۆلیجی کشتوکاڵی زانکۆی بەغدادا بینیم. لە سەردانی هاوڕێیانی تەمەنم، جووتە برا "جەلال و نامیق حەمە عەلی خدران"دا بووم، سەرنجی ڕاکێشام، (کاکە جەلال کە چەند ڕۆژێک بەر لە مەرگی خەسرەو شاڵی بۆ دواجار چاوی لێکناو خەمێکی گەورەی تری بەم پایزی تەمەنم بەخشی و هێندەی دی ژیانمی شڵەقاند)، هەستی بە سەرنجەکانم کرد، پێی ڕاگەیاندم ئەوە "خەسرەو شاڵی"یەو سەرکەوتووانە کۆلیجی کشتوکاڵی تەواوکردووە، بۆیە هەر لێرە بۆ وانە وتنەوە هێڵراوەتەوە..

بەیانی لە کاتی دیاری کراودا گەیشتمە وێستگەکە، لە دوورەوە کاک خەسرەو بەدەم پێکەنینەوە بەرەوڕووم هات و وەک ناسیاوێکی دێرین کە زۆر لەمێژبێت یەکترمان نەدیبێ، بەگەرمی باوەشی پێدا کردم، دەستمان لێکدایەوەو بەدەم پیاسەوە بەرەو ناوەندە جوان و خاوێنەکەی شاری "هاڕلم"ی کردمەوە، ناوەندێک کە هێشتا چاومی پڕ نەکردبۆوە، تەواو سەرسامی کردبووم. ئەم پیاوەی ئێستا لە پاڵیا ڕێدەکەم ئەو کورەی سیوپێنج ساڵ لەمەوبەر نییە، ساڵانی تەمەن تەشوکارییەکی زۆری لە ڕوویدا کردووە، سستی ئەندامەکانی ناو لەشیشی تواناى هەرسی تەواویان نەماوە، بۆیە بە چەندین شێوە لەملاولای لەشییەوە گرمۆڵەبوون و باری هەڵسوکەوتیان تێکداوە، بەئاشکراش دیارە کە لاقەکانیی ئەو کۆڵەکانەی

جاران نین، ڕۆیشتنەکەشی ماندوێتی ئەوانی پێوە دیاربوو.. لەوێ کردمی بە بازاڕی "ڤەیّ ئەن دەی"دا، بەدەم سەیر کردنەوە نهۆم بە نهۆم سەرکەوتین، لە دوا نهۆمیدا، خواردنگەیەکی زۆر دڵگیر و خۆشی پڕ لە هەمە جۆر خواردن و خواردنەوەی بەتام، کە بەسەر ناوەندە نایابەکەی شارەکەدا دەیڕوانی، سەیرکەرانیان ڕادەکێشا. دەستی دایە سینییەک و بە دڵی خۆی خواردن و خواردنەوەی لەسەر دانا، داواشی لە من کرد جگە لەوانەی خۆی هەڵیگرتبوو حەزم بەچییە بیهێنم، لەناو ئاپوورەی دانیشتوانەکەدا شوێنێکی بەدڵی خۆمانمان دییەوە کە کەوتبووە پاڵ پەنجەرەیەکی وا هەموو ناوەندی شارەکەی لێوە دیاربێ.

نایشارمەوە من هەر لە سەرەتاوە گومانم لە هەموو ئەو کاربەدەستانە دەکرد کە پلەی باڵایان لە هەر فەرمانبەرێتییەکی حکومەتی بەعسدا هەبووایە. جا ئەویش چونکە چەند ساڵێک سەرۆکی زانکۆی سلێمانی و دوای گواستنەوەی زانکۆکەش بۆ هەولێر و ناولێنانی بە زانکۆی سەلاحەدین، هەر بە سەرۆکی زانکۆ مایەوە، داوی ئەو گومانەمی تێوە ئاڵابوو... لە ڕێی وتووێژەکانمانەوە زانیم کە "سەفوەت ڕەشید سدقی" خزم و هاوەڵی ئەو و برادەر و هاوکاری من لە لیژنەی سلێمانی "ڕێکخراوی مافی مرۆڤ لە کوردستان"دا، نامەی بۆ ناردووەو لە گەیشتنی من بە هۆڵندا ئاگاداری کردووە. کەمە قسەکانی ئەو ڕۆژەمان دەمی گوێزانئاسا خەریکی پساندنی بەشێک لە داوی گومانەکانی من بوون. هەر ئەویش جێگەو ژمارە تەلەفۆنی خوالێخۆشبوو کاک "ئازاد سائیب"ی دامێ.. دواتر لەگەڵ ئەو جووتەو چەند برادەرێکی دیدا بووینە هاوڕێ و هاوڕازی یەکتر..

کاک خەسرەوی خوالێخۆشبوو، لە کاتی خوێندنی باڵایدا لە سکۆتلاند، لەگەڵ کچێکی هۆڵندایی بە ناوی "ئیرس" ناسیاوی پەیدا دەکات و دەیخوازێ و دوای تەواوکردنی دوکتۆراکەی دێنەوە بۆ کوردستان.. لێرە وەک بنەماڵەیەکی ناسراوی سلێمانی خاوەنی جێگەو ڕێگەی خۆی بوو. باری ناهەمواری ئەو کاتە، زۆرجار ئەویشی ناچار دەکرد، وەک هەر پیاوێکی تری ناو گێژاوی دەستودائیرەی بەعس، ڕازی دەردی ڕۆژانەی خۆی بۆ ژنەکەی باس بکات. خێزانەکەشی، کە هۆڵندییەو سەراپای ژیانی لەوێ و لە ئەوروپادا بەسەر بردووە، بەم جۆرە بەڕێوەبردنەی بەعس نامۆبوو، لە هەمان کاتیشدا هاوسەرەکەی خۆیی خۆشدەویست و "دارا و پەری"شی لێی هەبووە، کە گوێی لەو باسانە دەبوو و بەچاوی خۆشی کارە ناپەسەندکانی ڕژێمە قێزەونەکەی بەعسی دەبینی، چەند جارێ داوا لە کاک خەسرەو دەکات بچنەوە بۆ هۆڵنداو هەر لەوێش ژیانی خۆیان نوێ بکەنەوە.، کاک خەسرەو بۆخۆی بۆی باسکردم کە دایکی منداڵەکانی بەردەوام دەیووت: "ئەم وڵاتە بەرەو هەڵدێرێکی خراپ دەڕوات،،،" بەڵام ئەم بە مانەوەیان لێرە قایلی دەکرد. کەچی لە کۆڕەوەکەدا کە هەندێک بۆ هەڵاتن دەچوونە ئێران تا لەوێوە هەوڵی بەرەو ئەوروپا بوونەوە بدەن. ڕەنگە ئەو کارە بۆ ئەوان ئاسان بوایە، بەڵام خێزانەکەی پێی وتبوو "ناکرێ لە کاتی وادا هاوبەشی کەسوکار و نەتەوەکەت نەبیت و بیر لە دەربازبوون بکەیتەوە..." ماوەیەک دوای کۆڕەوەکە، "ئیرس"ی خێزانی لە سلێمانی کۆچی دوایی کرد و لەسەر داوای خۆی، کاک خەسرەو تەرمەکەیی بردەوە بۆ هۆڵندای شوێنی لە دایکبوونی.

کاتێک لە نزیکەوە کاک خەسرەوم ناسی، تێگەیشتم کە پیاوێکی پاک و دڵسۆز بە نەتەوەکەیەتی و هەمیشە لە خەمیدایە، بۆیە من هەر زوو هیچ گومانێکم لە خاوێنی و دڵسۆزی ئەو پیاوە نەماو بەردەوام بە برایەکی گەورەی خۆمم دەزانی. کاتێک باسم لە بوونی کاک "ئەفراسیاب عەبدولحەمید" کرد کە بەو بارە تەندروستییە نالەبارەیەوە لە هۆڵندا دەژی، یەکسەر سەردانێکی سێ قۆڵی "خەسرەو، ئازاد سائیب، ساڵح"ی بۆ لای ڕێکخست.. کاک ئەفراسیاب لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا جەڵتەیەکی قورسی دەماغ لێیداو تا ئێستا لەماڵەوە کەوتووە.. ئێمەش ناوە ناوە سەردانیمان دەکرد و بە چوونەکەشمان زۆر خۆشحاڵ دەبوو.

کاک خەسرەو لە یەکێک لە شارۆچکەکانی شاری لایدن کە ماڵی "پەری" کچی لێبوو، خانووی وەرگرتبوو. زۆر جار لەوێ کۆی دەکردینەوە. خۆ گەر کۆڕێکی ڕێزلێنان یان ڕۆشنبیری بۆ هەر هاوتەمەن و ناسیاوێکی خۆی، یان نووسەرێکی کوردستان، لە هۆڵندا ساز بکرایە، ئەوا بۆ شەوەکەی لە ماڵی خۆیدا دانیشتنی ساز دەکرد، لەو دانیشتنانەشدا دوای باسکردنی بابەتی کۆڕەکە، بازی قسەکردن بەسەر کێشە ئاڵۆزەکەی نەتەوەکەمان و دڕندەیی ڕژێمەکەی بەعسدا دەنیشتەوە، ئیتر تا درەنگانێکی شەو لە دەریای ئەو باسەمان هەڵدەهێنجاو دووبەرەکییەکەی ناو خۆشمانمان بە ناهەموارترین کۆسپ دادەنا. کە سەریشمان دەنایەوە خۆمان لە ناو کارەساتە جەرگبڕە یەک لەدوا یەکەکانی کوردستان و نەتەوە پەرتکراوەکەماندا دەبینییەوە...

سەباحی غالیب کە خۆی لە لەندەن دەژیا، لە هۆڵندا، کۆڕێکی ڕیزلێنانی بۆ خوالێخۆشبوو دوکتۆر مارف خەزنەداری مامۆستای زانکۆی سەلاحەدین سازکرد، شەویش دوکتۆ خەسرەو خۆیئاسا، "دوکتۆر مارف و فریا فازیل و سەباحی غالیب و ساڵح و برازایەکی دوکتۆر مارف و کیژێکی هاوڕێی برازاکە"ی لە ماڵی خۆیان کۆکردەوە، هەر لەو شەوەدا باسی لە کتێبێکی پەیامنێرێکی ئەمەریکایی "جۆناتان سی. ڕانداڵ" کرد کە بە ناوی "دوای ئەم هەموو کارەساتە لێبووردنی چی" نووسیبووی، وتی "بڕیارم داوە لە ئینگلیزییەکەیەوە بیکەمە کوردی" منیش کە پێشتر وەرگێڕانە عەرەبییەکەیم بەناوی "امە فی شقاق"ەوە خوێندبۆوە، زۆرم بە دڵبوو یەکسەر ئامادەیی هاوکاری کردنی خۆمم پێ ڕاگەیاند.. کاک خەسرەو لەگەڵ ئەوەی کە هەرگیز هیچی بەکوردی نەنووسیبوو و خۆشی لە بواری وەرگێڕاندا تاقی نەکردبۆوە،


لە ڕاستەوە: د. مارف خەزنەدار، د. خەسرەو شالی، ساڵح، سەباحی غالیب

شانی دایە بەر ئەو کارەو، بەو تەمەنەیەوە زیاتر لە ساڵونیویێکی بۆ تەرخانکرد و منیشی بە ڕاستکردنەوەو داڕشتنەوەی کوردییە شلۆقەکەیەوە گیرۆدەکرد. دواتر ئەنستیتۆی کورد لە پاریس ئەرکی چاپی یەکەمی لە ئەستۆ گرت، بەڕێوەبەرایەتی چاپ و پەخشی وەزارەتی ڕۆشنبیریش لە سلێمانی چاپی دووەمی کردەوە..

سەعات ١٠و٢٠ خولەکی سەر لەبەیانی ڕۆژی ٢٢/١١/٢٠١١، برادەرێک تەلەفونی بۆ کردم و هەواڵی کۆچی دوایی "دوکتۆر خەسرەو شاڵی" پێڕاگەیاندم، هەواڵێکی تا بڵێی ناخۆش و دڵتەزێن، نەک بۆ من بەڵکو بۆ هەر کەسێک کە لە نزیکەوە ناسیبێتی. بەڵام دڵنیام هیچکام لەوانەو لە براو خوشک و منداڵ و نەوەکانی و "ئان"ی ژنە ئینگلیزە دۆستەکەشی، بەقەدەر "سەربەرز"ی بێ ئاگاو بێ زمان و بێ گوێ، کە تەنیا شەش مانگ خۆی لە سکی دایکیا پێگیرابوو ئەنجامی پەلەکردنەکەشی بەو جۆرە بۆی شکایەوە، لە ناخەوە پەرێشان بێت و لە چاوگێڕانیش بەولاوە شتێکی دی نەزانێ... من چەند جارێک لەگەڵ خوالێخۆشبوودا ئەو منداڵە هەشت نۆ ساڵییەم لە سەر جێگەکەی خۆیدا بینیوە، چۆن بۆ باپیرەی خناوەتەوە و لە خۆشیدا هەڵبەزیوەتەوە، منداڵێک کە تەنانەت نەزانێت داوای خواردنیش بکات و دایکە دڵسۆزەکەی کاتی بۆ بە قوڕگاگرتنی دانابێ. سەربەرز کە سەری خۆیی بە باشی بۆ ڕانەدەگیرا، بە بینینی ئەو گشت تواناکانی دەخستە گەڕ و لە ناخەوە گازاندەی دواکەوتنی لێ دەکرد، ئەویش دوای دەست بەسەردا هێنان و یەک دوو ماچ، هەڵی دەگرت و دەیخستە عارەبانەکەی و بەچاکی دەیبەستەوە و دەیبردە دەرەوە و بەناو شارۆچکەکەدا دەیگێڕا... دڵنیام ئێستا ماڵ و منداڵی کاکە دارای کوڕی و پەری خانی کچی، هەموو یەکشەمموانێک میوانداریییەکەی باوک و باپیریان بیر دەکەوێتەوەو هەناسەی سارد بۆ ئەو ڕۆژە هەڵدەکێشن، بەڵام لەوەش دڵنیام کە هیچ کامیان وەک سەربەرز بۆ بینینی بەپەرۆش نەبێ، بۆیە دڵنیام گەورەترین بە پەرۆشی لە ناخی ئەو منداڵە پەککەوتەیەدا، دیارنەبوونی باپیرەیەتی.